گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرین

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper8

ڕێـکـەوتـی وەرگـرتـن: 17-05-2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 21-06-2023
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 28-02-2025

# ڕەخنەی فێمینیزم لە (دیوانە شیعری "ملوانکە"ی شێرکۆبێکەس)دا

**باخان احمد حمە امین**

Bakhan.faqe@univsul.edu.iq

بەشی فارسی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پوختە:**

لێکۆڵینەوە لە بابەت و ناوەڕۆکی شیعری، بەشێکی گرنگیی ڕێڕەوی ڕەخنەیەو هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی چەمکەکان و پەیامی سەرەکیی هەر دەقێکی ئەدەبی، ئەم لێکۆڵینەوەیە بەپشتبەستن بە هەندێ تێروانینی فێمێنیستی، هەوڵی بۆ شیکردنەوەی کرۆک و ناوەوەی بەرهەمی ('ملوانکەی شێرکۆ بێکەس' داوە. گێڕەرەوە و کەسایەتی سەرەکیی ناو چیرۆکە شیعرییەکە ژنن، بۆیە بە هەڵبژاردنی ئەم تێمەیە بۆ شیکردنەوە، لەلایەکەوە دەتوانین بگەینە قوڵاییەکانی هزری شاعیرو لەلایەکی ترەوە چونە ناو ناوەڕۆکی دەق و دنیابینییەکانیمان دەست دەکەوێت، هەروەها بە هێنانەناوەوەی ڕەخنەی فیمینستی و پراکتیککردنی ئەم ڕەخنەیە، کە ڕەخنەیەکی تاڕادەیەک ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە، بۆچونی شێرکۆ بێکەس وەک کەسایەتییەکی دیاریی بواری مافەکانی ژنان و جێندەر، گوتارو واتا جیاوزەکانی ناو دەق بەدەستدەهێنین، ئەم لێکۆڵینەوە هەوڵی وەڵامدانەوەی چەند پرسیاری داوە، لەوانە: ئایا شێرکۆ فێمێنیستە؟ تێمە و گوتارەکانی ئەم دەقە چەندە لە ناوەڕۆک و ئامانجی فێمێنیستەکانەوە نزیکە؟ ئایا ئەو بیرکردنەوانەی لە نەستی شاعیردا لەبەرامبەر ژندا ئامادەییان هەیە هەمان ئەو بیرکردنەوانەن کە لەلای زۆرینەی کۆمەڵگە بونیان هەیە؟ یا شێرکۆ تاچەند وەک کۆمەڵ بیردەکاتەوە؟ هەرچەندە بەردەوام بانگەشەی مافی ژن وئازادییەکانی کردوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە یارمەتیی پەیبردن بەو گوتارە شاراوانە دەدات کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر خوێنەر و کۆمەڵگە هەیە.

**کلیلە وشەکان**: ژن، شێرکۆ، ملوانکە، فێمینیست، ڕەخنە.

## پێشەکی:

لێکۆڵینەوە لە بواری ژن لە ئێستەداو لە پێشتریشدا زۆر کایەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی بەخۆوەگرتوە، ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە سەرباری زۆریی لێکۆڵینەوەکان هێشتا کەمیان دەچنەوە سەر بنەما سەرەکییەکەی و قوتابخانە فێمێنیستییەکان وەک پاڵپشتێک بۆ کارەکیی کردنی کارەکانیان بەکارناهێنن ئەم ڕەخنەیەش دەبێتە میتۆدی لێکۆڵینەوەکەمان، سەرباری ئەوەی کە شێرکۆ بێکەس وەک شاعیرێکی دیاری ئەدەبی کوردی زۆر بەرهەمی بۆ ئەم باسە تەرخانکردوە، جێی خۆیەتی کەمێک وردتر لە بۆچونەکانی لەم ڕوەوە بڕوانین، کتێبی ملوانکە یەکێکە لە دیوانەکانی

شـێرکۆ بێکەس کە لە کۆتایی سـاڵی ٢٠٠٦ دا نوسراوەو لە سـاڵی ٢٠٠٧ دا چاپکراوە، تەکنیکی نوسـینی ئەم بەرهەمە لەسـەر شێوەی داسـتانی شـیعری یا بڵێین شـیعری چیرۆکئامێزە، سـەرتاپای دیوانەکە تەرخانکراوە بۆ ژن، دوای چەند دێڕێک پێشەکی، ڕاستەوخۆ گێڕەرەوەی چیرۆکەکە دێتە ناوەوە کە ملوانکەیەو لە ڕەگەزی مێیە، جگە لە گێڕانەوەی ژیان و سـەربوردەی خۆی، چیرۆکی پاڵەوانێکی سـەرکێش دەگێڕێتەوە کە کچێکی مامۆسـتایەو لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوی کوردی و پیاوسالاردا دەژی و لە ژێر چەوسانەوەو نەبونی ئازادیدا ژیان بەسەر دەبات، تا لە کۆتاییدا بڕیاری یاخیبون و بە گژداچونەوە دەدات و ڕێڕەوێکی تازە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. لەم شـیعرە چیرۆکئامێزەدا زۆربەی کاراکتەرەکانی تریش ژنن یاخود مێینەن، هەر لەناو ئەم دەقەدا چەندین شـێوەی تری نوسـین وەکو دەقی شـانۆیی، وتار و شـیعری کورتی لیریکی دەبینرێت، لە کاتێکدا زۆربەی ئەو نوسـینانە لە ڕویی زمان و چنینەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییەو نوێنەری بیرو ئەندێشەی خودی شاعیرن.

ئێمە هەوڵدەدەین بەپێی ڕەخنەی فیمێنیستی هەندێ ڕو و لایەنی ئەم دەقە شیبکەینەوە و پراکتیکی تەواوی ئەم تیۆرییە لەم دەقەدا بکەین، هەروەها گرنگیی ئەم نوسینەش ئەوەیە کە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسـیاری سـەرەکی لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا بداتەوە. ئەوانیش:

-ئایا شێرکۆ فێمێنیستە؟ بەتایبەتی لەم بەرهەمەیدا؟

- گوتارەکانی ناو قوڵایی ئەم بەرهەمە چین؟ ئایا ئەو گوتارانە، بەتایبەت گوتارە شـاراوەکانی ناو دەق ئەوانەی لە زمان و چنینی دەقەکەوە بەرهەمدێن دەچنە خانەی خزمەتکردن بە کەیسی ژن و ڕەخنەی فێمێنیستی؟

-پراکتیزەی ئەم ڕەخنەیە لە بەرهەمی شـیعریدا و لە ئەدەبی کوردیدا (ملوانکە بە نمونە) هەڵگری هەمان تایبەتمەندیی ڕەخنەی فێمێنیستی جیهانییە؟

- ئەو کەموکورتییانەی سـەبارەت بە پراکتیزەی ئەم ڕەخنەیە لەم دەقەدا دێتە بەردەممان چین؟ یان تایبەتمەندیی شیعری شێرکۆ و تێڕوانینی بۆ بابەتی ژن چۆنە؟

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوبەشی سـەرەکی پێکدێت و چەند تەوەرو خاڵێتر لەخۆدەگرێت، کە بەشی یەکەم زیاتر شیکردنەوەی تیۆرو میتۆدی کارکردنەکەمانەو بەشەکەی تر پراکتیکی ئەم ڕەخنەیەیە لەدەقی ملوانکەدا.

بە پێویسـتی دەزانین وەک بنەمای توێژینەوەکە پوختەیەکی پێویسـتی ئەم ڕەخنەیە وەک بەرچاوڕونیی خوێنەر بخەینە بەردەسـت و چاو، هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێین لەبەرئەوەی ئەم ڕەخنەیە دنیابینییەکی گشـتگیرە، پشـتمان تەنیا بەیەک ئاڕاستەی ئەم تیۆرییە نەبەستوە و هێڵە گشتی و کۆکەکانی ئەم ڕەوتەمان وەرمانگرتوە.

## بەشی یەکەم

### تەوەری یەکەم: چەمکی ڕەخنە و تیۆری فێمینستی

لە ڕاسـتیدا فیمینیزم کە ڕێڕەوێکی بیرکردنەوەیە لە ژیان و دواتریش بوەتە ڕێبازێکی ڕەخنەیی بۆ شـیکردنەوەی دەقی ئەدەبی، پێناسـەو سـنورێکی قەتعی و یەکلاکەرەوەی نییە، بەڵام دەتوانرێت بەرەهایی بۆچونێکی هاوبەش لەنێوان گروپە جیاوازەکانی ئەم ڕەوتەدا ببینرێت، ئەویش ئەوەیە کە ژنان لە بارودۆخێکی داڕوخاو نالەباردا دەژین و پێویسـتە بۆ کەمکردنەوەی نایەکسـانی و باری ئەوان گۆڕانکاری لە سـیسـتمی کۆمەڵگەو ئابوری و سـیاسی و فەرهەنگیدا

ڕوبدات.(فرید من ١٣٨٣: ٥، تسلیمی ١٣٩٠: ٢٦٠)، فێمینیزم پێیوایە کە پیاوان چ بەئاگایی و چ بێئاگا ژنیان خستۆتە ژێر زوڵم و ستەمەوە و لە هەمو بوارە کاراکانی ژیاندا پەراوێزخراون (برسلر ١٣٩٦: ١٩٩). ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە لای چەندین ژنی بەناوبانگی وەک ڤێرجینیا وۆلف، سیمین دو بوار... زۆر بەرچاو بو بە جۆرێک دوبوار دەیگوت: هەرچەندە لایەنی فیسیۆلۆجی ژن جیاوازە لە پیاو، بەڵام کۆمەڵێک توانای دەرونی و فیکری لە ئەودا هەیە، کە لەگەڵ تواناکانی پیاواندا یەکسانن.(فائزە احمد و فرزاد ١٣٩٢: ٢٥).

ئەم بۆچونە، وەکو ڕێبازێکی ڕەخنەیی لە دوای ساڵەکانی ١٩٦٠ ەوە بەشێوەیەکی جدیتر دەستی بە کارەکانی کردوە، کە دابەش دەبێت بۆ سەر چەند گروپ وشێوازێک لە بیرکردنەوە، کە بەشی زۆری و تەوەری سەرەکی ئامانجیان ناوەند یان سەنتەربونی ژنە لە بەرهەمی ئەدەبیدا، جا وەک نوسەر یا وەک کاراکتەرو کەسایەتی ناو دەقی ئەدەبی. ڕەخنەی فێمینستی داوا لە نوسەران دەکات کە بیرۆکە و نوسینەکانیان لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵ و کەلتوردا نەبێت و وەک مرۆڤی ڕاستەقینە بیربکەنەوەو بنوسن (سمیە خەلیل ٢٠١٠: ١٨). ئەم دەقەی شێرکۆ دەچێتە قاڵبی دوەمیان کە ژن وەک نوسەری بەرهەم نییە بەڵکو کارەکتەر و سیمبولی سەرەکییە لە بەرهەمەکەدا.

ئەم ڕەخنەیە هەرچەند زیاتر فۆکەس و چاوی لەسەر بەرهەمی ژنانە، بەڵام سەبارەت بە بەرهەمی ئەو پیاوانەی کە لەژێر کاریگەریی کۆمەڵدان و بانگەشەی توندوتیژی دەکەن، هەروەها ئەو پیاوانەش کە خۆیان ئازاد کردوە لەو کۆت و بەندەو لە پێناوی مافی ژن یاخود دەردو ئازارەکانیان دەخەنەڕو، قسەی خۆی هەیە(سەرچاوەی پێشو: ١٨). دو ڕەوت و شەپۆلی زۆر سەرەکی لە ڕەخنەی ئەدەبی فێمنستیدا جێدەستیان دیارە: ئەوانیش ڕەوتی فەرەنسی۔ و ڕەوتی ئینگلیزی-ئەمریکییە، کە لایەنی یەکەم زۆرتر گرنگی بە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ژنان بەتایبەتتر زمان و شێوازی نوسینی ئەوان دەدات و پێیان وایە ئەوە بوەتە هۆی جیاوازیی سەبک و واژەو دەربڕین لە نوسینی ئەواندا، هەروەها لە ژێر کاریگەریی بیروڕاکانی 'لاکاندا' جارێکی تر گرنگی بە دەرون و فەلسەفە دەدەن و پەیوەندی نێوان بونیادی دەرونیی نوسەرو کاراکتەر دەردەخەن(برسلر ١٣٩٦ :٢٠٥)، (موران ١٣٩٦: ٢٩٥)، کە ئەمەش دواتر کار لە دوبارە دارشتنەوەی کەلتورەکان دەکات، بەڵام گروپی دوەم، بایەخ بە کەسێتی ونبوی ئافرەت دەدات لای نوسەرانی پیاو ڕونیدەکاتەوە، کە چۆن بە هۆی کەلتوری پیاوسالارییەوە ئافرەتان دەوری کەمبایەختر دەگێڕن، کە زیاتر مەبەستیانە بڵێن، کە ژن لە ئەدەبدا نەوەک ڕوداوێکی سەرەکی نەوەک کەسایەتی و پاڵەوانی سەرەکی لەبەرچاو نەگیراوە، کە ڕەخنەگرانی وەکو" وۆلت مێلت" بەشێکن لەم نوسەرانەو وێنە پێشینەکانی ژن کە یا وەک فریشتە و شەیتان و یا وەک کەرەستەی ڕازیکردنی ئارەزوی پیاو بون، ڕەتکردەوەو داوایان کرد ئافرەت وەکو واقعی خۆی پیشان بدرێت، بگرە لە بری کەسایەتیی شکستخواردوی ئەو، کەسایەتی و وێنەی یاخیبونی ژن بخوڵقێنرێت و پیشان بدرێت(سمیە خلیل ٢٠١٠: ٢٤).

هەوادارانی فیمینیزم وای بۆ دەچن کە زۆربەی نوسەرانی پیاو وا لێکی دەدەنەوەو دەخەمڵێنن کە خوێنەری بەرهەمەکانیان پیاوە، بەو هۆیەشەوە وێنەی نەخشێنراوی ژن لە بەرهەم و نوسینەکانیاندا لەگەڵ هەمان کەلتوردا یەکدەگرێتەوە و وا دیارە کە هەر هەمان کەلتور پیشاندەدەنەوەو دەنەخشێننەوە(پایندە ١٣٩٤: ١٤٤). و ئەمەش لە بونیاد و پێکهاتەی دەقەکاندا لە شێوەی ژنانی بەرکار نەک بکەر، ژنانی لاواز وکەم عەقل، ژنانی وابەستەو نا سەربەخۆ..دەردەکەوێت(هەمان سەرچاوە: ١٤٦). کە فێمینیزم هات ئەو جۆرە پێناسانەی بۆ ژن گۆڕی، سەرباری لێکدانەوەی چۆنێتی وێنەی ژن لە دەقی ئەدەبی پیاواندا و دواتر گرنگی دان بە بابەتە ژنانەییەکانی وەک : حاملەبون-

هەبونی سـک، منالبون، منالداری و پەیوەندیی کچ و دایک. واتە ئەو بابەت و تیمانەی کە پێشـتر کەمتر دەچونە ناو دەقی ئەدەبییەوە و شەرم بون فێمێنیست گرنیگی پێدان و لە تابۆیی دەریکردن(ابرامس، ترجمە :واصفی : ۷۹۲).

هەرچەندە ئەو فێمێنیستانەی زیاتر گرنگی بە زمان و دەرون دەدەن پێیان وابو کارێکی قورسە گەر بوترێت نوسینی پیاو وەکو ژن دەتوانێت لە ناخی کارەکتەرێکی ژن تێبگات و گوزارشـتی لێ بکات(سـمیە،۲۰۱۰: ٤٠)، بەڵام بۆ بەرهەمی شـیعری ئەوە جیاوازترە، چونکە هەم زمانی شـیعری و هەم زیاتر لیریکیبون وخودیبونی شـیعر دەسـتی شـاعیری پیاو دەکاتەوە لە خولقاندنی کەسایەتییەکی ژن و ئامانج لێی گوزارشـت لە مەبەسـت و تێمەیەک و بیرێکی تایبەتە کە خودی شـاعیر مەبەستییەتی، جا لە زمانی هەمان کەسایەتییەوە بێت یان ڕاستەوخۆ پەیڤی خودی شـاعیر یا گێڕانەوە بێت لە دەقی شـیعریدا (بەڵام بۆ دەقی گێڕانەوەی سـەربەخۆ پێویسـت بە لێکۆڵینەوەی زیاترەوکاری ئەم لێکۆڵینەوە نییە)، کە چۆنێتی دارشتنەکەی بەهێزی دەقەکە و توانای لە گەیاندنی تێمەکەی دا دەسەلمێنێت.

ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیسـتی ئەدەبیات بەتایبەت ئەدەبیاتی پێشـو، بە بەرهەمێکی پیاوانە دەزانێت، ئەمەش زیاتر لە ڕوی دارشتنی چەمکەکان و هەروەها تەفسیری کۆمەڵگاو دەقە پیرۆزەکانەوە ڕوی دەدا، بۆیە بە پێویستی زانی جارێکی تر دەقە بە بایەخ و ئەدەبی و دینییەکان جارێکی تر هەڵبسـەنگێنێتەوە و تەفسـیری تازەیان بۆ بکات، کە بۆ ئەمەش بە تیۆرییەکانی جاک دریداو پێکهاتە هەڵوەشێنی پشت قایم بو، ئەم ڕەوتە لە چوار ئاستی" بایلۆجی، زمان، دەرونشیکاری ورۆشـنبیری و فەرهەنگی)یەوە کەسـایەتیی ژنی لە کۆمەڵ و لە ئەدەبیاتدا خسـتە بەرچاو ولێکۆڵینەوە(سـمیە، ۲۰۱۰: ٦٦- ٦٨).

فیمینیسـت دەیەوێت بە دیدگاو زهنییەتی تەواو ژنانەوە جارێکی تر بەرهەمی بەناوبانگی نوسـەرانی پیاو سـەرلەنوێ بخوێندرێتەوە و تەفسـیر ولێکدانەوەی بۆ بکرێت، بە تایبەت سـەبارەت بە چۆنێتی هێنانەبەرباس و وێنە و دەنگی ژنان لەو تێکستانەدا. هەروەها جەختی سەرەکییش دەخاتە سەر چۆنێتی وێناکردنی جەستەی ژن لەبەرهەمی پیاوان و ژناندا، سـەرباری زمانی دەق و چۆنێتی دەربڕینی جیاواز لای هەریەک لەو دو ڕەگەزە، کاتێک لە پێگەی نوسـەردان، هەروەها بابەتی دەرونی ژن و بابەتێکی زۆر گرنگ کە ئەویش کەلتور و فەرهەنگی هەر نەتەوەیەک و کاریگەریی لەسـەر بەرهەمی ئەدەبی و چۆنێتی ڕەفتارو بیری کەسـایەتییەکان، جێگەی بایەخە. لێکۆڵەرانی ئەم چوارچێوەیە جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە ڕێگەی شـیکردنەوەی توانـاو هێزە کەلتورییەکانەوە، گرنگی و ڕۆڵ و بەهـای ژن لە کۆمەڵگایەکی تـایبەتـدا بخەنەبەرچاو، یاخود لەوە دەکۆڵنەوە کە کۆمەڵگە بە چ شـێوەیەک کاریگەریی لەسـەر تێگەیشـتن و ڕوانینی مێیینە بۆ خۆی و دەرەوەی خۆی دادەنێت؟ ئەوان دەڵێن: بۆ شـیکردنەوەی تێکسـتە ئەدەبییەکان بێ گوێدانە ئەوەی کە کام شێوەی ڕەخنەیی دەگرینەبەر لە ڕێڕەوەی لێکدانەوەکەمان، تەنیا بە کردنی چەند پرسیارێک و گەڕان بۆ بەدەستخستنی وەڵامەکانیان دەتوانین جۆرێک کارکردنی فیمینیسـتانە بگرینەبەر و ئەنجامی تایبەت و جیاواز بەدەسـتبهێنین، ئەوانیش: نوسەر ژنە یان پیاوە؟ گێڕەرەوەی دەق ژنە یان پیاو؟ ژنان چ ئەرکێکیان لەسەر شانە لە دەقدا؟ کەسایەتی ژنان سەرەکین یان لاوەکی وکەم بەها؟ تێڕوانین و بۆچونی کەسـایەتیی پیاو بۆ ژنان چۆنە؟ تێڕوانینی خودی نوسـەر بۆ ژنان و کۆمەڵ چۆنە؟ کەلتور و کاریگەری لەسەر بیری نوسەرو پاڵەوانەکان و کەسایەتییەکان چۆنە؟ چۆنێتی دارشتنی کەسایەتیی ژن و پیاو و وپێکهاتەی ئەوان لە پلۆت و چنینی ڕوداوەکاندا چۆنە و جیاوازییان چییە؟ (برسلر ۱۳۹٦: ۲۰۹، ۲۱۰).

بەم شـێوەیە دەبینین کە مەرج نییە ڕەخنەی فیمینیسـت تەنیا لە دەقی ژنان بکۆڵێتەوە، ئەوەی زۆر گرنگە ناوەندبونی ژنە، چ لەبەرهەمی ژناندا بێت یان پیاوان.

ڕەخنەی فیمینستی لەشێوەیەکی تریشیدا گرنگی بە ژن وەک خوێنەر یان لێکۆڵەر دەدات، دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت مەبەست لەژن تەنیا ئەوە نییە کە لە ڕوی بایەلۆجی و ڕەگەزەوە جیاواز بێت، بەڵکو دەبێت دیدو بیرێکی ژنانەی هەبێت، واتە شعور وهەستێکی ژنانە، بەکورتی واتە خوێندنەوەی بەرهەم و نوسینی پیاوان بە بۆچونی ژنانە و لێکدانەوەی جیاواز یا لێکدانەوەی ئەو بەرهەمانەی پیاوکە تێیدا خەیاڵ و چۆنێتی دارشتنی کەسایەتی ژن بەشێوەی گونجاو لەگەڵ بیری فیمینیستیدا، نوسراون هێنراونە بەرهەم (موران ١٣٩٦: ٢٩٦).

لە میانەی ئەو باسانەدا جۆرێکی تر لە بۆچونی فێمینستی برەوی هەیە ئەویش بە یارمەتی تیۆری هێرمۆنتیکی بۆ شیکردنەوەو سەرلەنوێ خوێندنەوی دەقە پیرۆزەکان و دەقە دینییەکان، چونکە پێیانوایە کە ئەوە خوێندنەوەی پیاوانەیە بۆ ئەو تێکستانە، کە بەهەڵە هەندێ ماناو چەمکیان لێوە هەڵهێنجراوە و لە دژی ژنان خراونەتەکار، بەتایبەتی لە کتێبەکانی مەسیحییەت و یەهودییەت، کە ئەو بابەتانەی دەربارەی مێینەن لەبەرچاونەگیراوە، و ئەوان سەرلەنوێ بە دیدێکی ژنانەوە بۆیان دەڕوانی، ئەوە بوە هۆی تێڕوانینی تازە بۆ چیرۆکی ئادەم و حەوا و چەندین بابەتی تری ناو ئەو دەقانە(ذریە، آبیار و: ١٠٥- ١٠٨).

شایەنی باسە و نابێت لەبیر بکرێت کە لە ناو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات دا بەهۆی چەندین هۆکاری جۆراوجۆر کە ڕەنگە دیارترینیان نەبونی خوێنەواری و نەبونی زانیاری پێویست وچەوسانەوەی زیاتر لە نەتەوەکانی ئەوروپا، هەروەها دین، هەژاری، نەبونی باوەڕبەخۆبونی ژن(کمالی و.شهولی،١٣٨٤ : ٥٧، ٥٨)، لەسەرەتاکانی ئەم جۆرە ڕەخنەیەوە، چ وەک ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی و فیکری چ وەک ڕێگایەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی و مامەڵەی لەگەڵ دەقدا، پیاوان بون کە ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە لەم بوارەدا کە تا ئێستاش بەردەوامن لە پاڵ ژنانی چالاکی ئەو بوارە دا، ئەمەش هەر لەناوکوردا وا نییە، بەڵکو لە ناو نەتەوەی فارس و عەرەبیشدا پیاوانی ڕۆشنبیرهەوڵی ئازادی و گەیشتنی ژن بە جێگای ڕاستی خۆی داوە. (فائزه احمد و فرزاد ١٣٩٢: ٢٧).

لەناو ئەدەبی کوردیشدا بەهەمان شێوەی ئەو نەتەوانە لە سەرەتادا ڕۆشنبیران و بیرمەندانی پیاوی کورد داوای مافی ژن و کێشەو دەردەکانی ئەوانیان کردو خستیانە بەر باس، هەر لە حاجی قادری کۆییەوە کە یەکێکە لە پێشەنگەکانی ئەم بوارەو دواتر لە ئەدەبیاتی سەدەی بیست، لای شاعیرانی وەک بێکەس و چەندانی تر(فواد حسین احمد ١٣١)، هەروەها لە چیرۆکی کوردیشدا کە زیاتر لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردو دا گەشەیسەند، بەتایبەتی لای شێرزاد حەسەن و ئەحلام مەنسور و...بابەتی ژن و ئەوەی پێوەندی بەوەوە هەیە لە برەودا بو، ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە، جگە لەوەی بو بە تێمەی سەرەکی لای هەندێ شاعیر و نوسەری ژن، لای پیاوانیش بە شیواز و ڕەنگی جیاوە ناوبەناو خۆی دەنوێنێت(بڕوانە: ڕێزان سالح مەولود، (٢٠١١). شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس یەکێک بو لەوکەسانەی کە بەردەوام ئاڵای ڕوبەڕوبونەوەی دژی چەوسانەوەی ژنانی کورد بەرز کردبوەوە سەرباری چەندین شیعری درێژو کورت بۆ ژن، دیوانێکیشی تایبەت کردوە بۆ هەمان تێمەو بابەت بە ناوی ملوانکە.

**تەوەری دوەم: ئاراستە دیارەکانی ڕەخنەی فێمێنستی**

بە کورتی و بە پوختی ئامانج و لێکدانەوەی فێمێنیستی لە چەند خاڵدا دەخەینەڕوکە لەسەر ئەو بنەمایە لە دەقی چیرۆکەشیعرییەکەی شێرکۆدا پراکتیکی دەکەین و بابەتی ژنی لەو بەرهەمەدا پێ شیدەکەینەوە:

-ئەم ڕەخنەیە دوای مارکسیزم دوەم جۆری ڕەخنەیە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە جموجۆڵ و مامەڵەی سیاسییەکان و سیاسەتەوە هەیە؟ کاریگەریی سیاسەت لەسەر کێشەی ژن و بەشداری ژنان خۆیان لەوکایەدا پرسیارێکی سەرەکیی ئەمجۆرە ڕەخنەو تیۆرییەییە.(بڕوانە" حبیب، ١٣٩٦، ٦٧)

- فیمینیزم دژی ئەو بۆچونەیە کە ژنی لە خوێندن و ســـەربەخۆیی ئابوری و فێربون دوردەختەوە، دژی بێدەنگیی ژن و ڕازیبونییەتی بەو بۆچونەی کە پێی وابو ژنی گوێڕایەڵ و بێدەنگ باشـــترینی ژنەکانن. هەروەها دژی گاڵتەکردنە بە کارەکتەری ژن و ئەدەبیاتی ژنانە بە گشتی لە ئەدەبیاتدا.(سەرچاوەیی پێشو، ٦٨).

- فیمینیزم هەڵگری یەک بۆچونی تاک و یەکلایەن نییە، بەڵکو بۆچونێکی دوای بونیادگەرییە کە پاڵپشـــتە بە ڕەخنەی دەرونناسی و مارسکسی و کۆمەڵناسی، دەتوانرێت لەهەر یەکێک لەم ڕوانەوە لە ژن و باردۆخی بکۆڵرێتەوە، یان بخرێتە بەرباس. تەنانەت هەر فیمینســـتێک بە پێی کولتوری خۆی پێناســـەی جیا دەکرێ بۆ ئەم تیۆریی و ڕەوتە بکا. بۆ نمونە دەکرێ فیمینســـتی عەرەب جیاواز بێت لە ئەوانەی ئەوروپاو بەپێی کولتور خواســـتەکانی بگۆڕی.(بڕوانە ســـەرچاوەی پێشو، ٧٠).

- یەکێکی تر لە تایبەتمەندیی ئەم جۆرە ڕەخنەیە ئەوەیە کە دەڵێت دەبێت جەســـتەی ژن دەربارەی بنوسرێ، ئەمەش نەک وەکو پێشو بە دیدێکی پیاوانەو زیاتر کەرەستەی چێژ بێت. بەڵکو تایبەتمەندیی ژنانە تیایدا دەربکەوێت(سەرچاوەی پێشو، ٢٠٠).

-پەیوەندییەکی تەواو لە نێوان ڕەخنەی فیمێنیزم و ژن و زماندا هەیە، مەبەســت لە زمان هەمو گوتارە کەلتورییەکانە کە ژن تیایاندا دەدوێت.(مکاریک،١٣٩٣، ٣٨٨).

-ئەجۆرە ڕەخنەیە ســـەر بەو تیۆرییانەیە کە تیایاندا خوێنەر ســـەنتەرە و ئەدەب لە دیدی ژنەوە لێکدەدەنەوە. پێیوایە دیدی ژنانەو پیاوانە بۆ دەق و ژیان جیاوازە. ئەمەش مەبەســـت لێی دیدی ژنانەیە نەک هەر ئەوەی ژنێک بێت، هەروەک چۆن مێینەبون جیـاواز دەبینن لە ژن بون وپێیـان وایە یەکەم بـایەلۆجییەو دوەمیـان قـاڵبگرتوی هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەو بەرهەمی پەروەردەیە.

-ئەم ڕەخنەیە پێێ وایە چ لە بەرهەمی پیاودا و چ لە بەرهەمی نوســـەرە ژنەکادا گرنگ هەبونی گوتـاری ژنـانەیە، کە تایبەتمەندیی ئەو دنیایەو خواستەکانیان بیت.(بڕوانە موران: ١٣٩٦، ٢٨٩- ٣٠٠)

- ڕەخنەگرانی فێمێنیست دەڵێن ناتوانرێ لە بەرهەمی پیاواندا بەتەواوی ژن دابەشبکەن بۆ ژنی سۆزانی و ماڵدار، پیرۆز، ژنی ماڵەوە، یا پیرە کچ (قەیرە)،و...، ئەمجۆرە لە دابەشـکردنی کەسـایەتی لە نوسـینەکانیاندا دەبێت لابرێت، پیاوان بە ئاگایی یا نائاگا ژن بچوکدەکەنەوە وحسابیان بۆ ناکەن و ڕۆحییەن لاوازیان دەکەن (بڕوانە برسلر.١٣٩٦، ٢٠٨).

- فێمێنیزمی شـــیکاری پاڵپشـــت بە تیۆرەکای لاکان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت ژنان هەوڵبدەن لە پیاوان بچن، تەنانەت لە سـیفاتە باش ودیارەکانیشـیاندا، بۆ یەکسـانیی کۆماڵایەتی دەبێت زمان و بیرکردنەوە و فەلسـەفەی خۆیان هەبێت و ئەمە هیچ نابێتە عەیبە ئەگەر لە نمونە ئامادەکانی ناو کۆمەڵ نەچن.(بڕوانە شاهندە، ٢٠٠٦، ٤٢)

## بەشی دووەم: کارەکیکردنی ڕەخنەی فێمێنیستی لە دیوانی ملوانکەی شێرکۆ بێکەسدا

لەم بەشـــەدا هەوڵدەدەین لەبەر ڕۆشـــنایی ڕەخنەی فێمێنیســـتیدا دەقەکە شـــیبکەینەوەو لایەنە نادیارو شـــاراوەکانی بخەینەڕو:

### ١ – پەیوەندیی ژن و سیاسەت لە دەقی ملوانکەدا چۆنە؟

ئایا ژنان بەشــدارن لە ســیاســەت؟ وەک چۆن فێمێنســتەکان داوای دەکەن؟ ئایا ئەو بەشــداریکردنە بە هۆکاری مەشروع و بە مافی خۆیانە؟ یا لە ڕێگەی سەرشۆڕی و یارمەتیدانەوە بون و لەم ڕوەوە بە پێی ڕای فێمێنستەکان پایەکانی عەقڵ لەدەســت دەدەن کە پێیان دەبەخشــێت. دوبارە دەبنەوە کۆیلە و هەمان ئەو کارانە دەکەن کە پیاوان لەو بوارەدا پێشـتر کردویانە و خۆیان خاوەنی ڕای خۆیان نین و لاسـایی پیاوەکانی کۆمەڵ دەکەنەوە(بڕوانە: ولسـتونکرافت، ٢٠٠٦، ٤٠).

نمونەکان:

-غەدرەکان تەنهانین، خواوەندیان لە پشتە، شای شاخ و سوڵتانی زریان و ..... لە پشتە(شێرکۆ، ٢٠٠٧، ١٠٢).

-مشتەرییە گەورەکانم، دەمانچەیەکی بەڕێوبەری ئاسایشی دەست زێڕینی ئەم شارە بو(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٠٨).

لە پشــت بونی خواوەند، دەســەڵاتداربونی غەدرەکان، و دورەپەرێزی ژن لە دەســەڵاتەوە ســەلمێنەری بەرکاربونی ژنن لە ڕوی سیاسەتەوە.

- هەر دە پانزە ڕۆژ جارێ، ملوانکەیەکی قەڵەوی کەمێک پان و پۆڕ کەمێکیش ئەگریجە سپی. ئەویش بە دزییەوە خۆی ئەکرد بە ژوراو یەکسەر بۆلای دەمانچەی بەڕێوەبەر. ئەم ملوانکەیە ناسراوبو، لەوەش دەرچو بو ملوانکەیێ بۆ ڕابواردن و کاری سێکسیـ. نا، بەڵام خەریکبو میشکم دەتەقی، ئەمە لەوە ئەچو سرودێکی "ئەی ڕەقیب" ناوبەناو خۆی سـەردانی ئەی ڕەقیبەکەی بکات!، ئەبێ کاری ئەم بەو چی بێت؟! من ئەمزانی کێیە، ناوێرم و نایشـمەوێ ناوی بەرم. وا وتیشـم کێ بڕوا بە ملوانکەیەکی سۆزانیی وک من دەکا بەوجۆرە باسی ملوانکەیەکی شەریفی شۆڕشگێڕ بکات! من ئێشتەو ئەوساش نەمزانی ئەم نهێنییە چییە و بۆچی؟ (شێرکۆ،٢٠٠٧، ١١٠)

-ئەو شەوە بێرییەی سەرخۆش دەرمانخوارد دەکات و هەر یەکسەر بۆ ڕۆژی دوایی لەم شارە هەڵدێ و ئەچێتە شارێکی ترو خۆی ون ئەکات، بێرییەکەش دوای دو ڕۆژ ئینجا ئەمرێ(شێرکۆ، ١١٢).

- وەختێ شـوم بەم جامانەیە کرد وا خۆی پیس نەکردبو، بەڵام دوای ئەوەی ئەو هەمو ملوانکە وگوارەو زەردو سـورانە بەرەوە خوار کرانەوە بەوانەی گوندەکەی خۆشـــمانەوە ئەوســـا وریا بومەوەو زانیم لە کوێم و جامانەی منیش چەند تاوانبارە(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١١٥).

بەپێی نمونەکان لای شـێرکۆ و لەم دەقەدا زۆربەی جاران دەسـەڵات لای پیاوەو خراپیش بەکارهاتوە، بەشـداریی ڕاستوخۆو کاریگەری ژن نابینین، تەنیا لەو جێگەیە نەبێ کە ژن بۆ تۆڵەسەندنەوە سیاسییەکی خراپ درمانخوارد دەکات، لە یەکیک لە نمونەکاندا ژنێک هەمان ڕۆڵی پیاوەکانی هەیە و وەک ئەوان ســیاســەت دەکات و خەریکی خیانەتی نیشــتیمانی و بەکارهێنانی ســیاســەتە بە خراپی.. واتە ژن لەم بوارەدا هیچ ڕۆڵیکی کاریگەرو ئامانجداری نییەو پاشـکۆ و لاسایی کەرەوەی پیاوانە، ئەمەش پێچەوانەی خواستی فێمێنیستەکانە وەک باسمان کرد.

### ٢- سەربەخۆیی خوێندن و یاخیبون لەدیوانی ملوانکەدا

هەوڵدان و بەگژداچونەوەی سیستەمی باو دژە ژن، لەڕوی خوێندن و کەلتوری و باری ئابورییەوە یەکێکی ترە لە خواست و داواکارییەکانی فێمینیستەکان وپێیان وایە دەبێت ژن سەربەخۆ و ئازاد بێت لەو بوارانەدا، ئەمەش پشتبەستە بە ڕاکانی مارکس. لەو نمونانە دەکۆڵینەوە کە لەم بەرهەمدا شێرکۆ بۆ دەرخستی باری ژنان لەم بوارانەدا باسی کردون:

-پێش ئەوەی بزربون بمکوژێ و، بەسەراب دامپۆشێ، دەفتەرم چاوەڕێی گەرداوی زمانە، لە وشەو ڕستەمدا هەڵبکاو چاوەڕێم، فوارەیەک لە ئاوی کوژراوی حیکایەت، بە بەرزیی قریشکەم، لە شەوی مانادا، هەڵچێت و سەرتاپای دیرۆکم بەو ئاوە ڕەنگبکا، دەرەنگەو دەرەنگەو ئەمەوێ بای قسەی گیرخواردوی مێیەنەم، ڕاچڵەکێ و هەڵکات و، بێ دەربەست چون کچە حەقیقەت، چون ژنە چەخماخەی هەناوی شەوەزەنگ، ... لە قاپی نێرینەی ئەم دنیاو ئەو دنیاو لە دەرگای، بەهەشتیان بدات و بۆ ساتێک نەسرەوێ.(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٠).

- هەر ئەبێ ببم بە شەوی پرسیارو، بە ڕەنگی شەپرزەو، بۆ ئەوەی بوروژێ زەمینی ئارام و، بشێوێ سەرتاپای مێژوم...(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٣)

-ئاخر ناکرێ لە چاوەڕوانیی مردندا، منیش وەک تۆ، زەلیل وەکو دەستەکانت، زەلیل وەکو پرچەکانت، لەبەردەرگای، بێدەنگیدا، هەڵتروشکێم تا مردن دێ...(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٤٠).

-ئەبو گردبینەوەو شتێکی تازە بڵێین و شتێکی تازە بکەین(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٢١٣).

-بەو جۆرە من ئێستە تەنیا ڕێیەکم لەبەردەمدایە و نابێ بە دو.

ئەکتەر: چییە؟ چۆن؟

یاقوت:"نا" یە بۆ ماڵەوەو هەمو کەس و کارو، بەڵێ"یە بۆ دڵ و عەقڵ و جەستەی خۆم.(شێرکۆ، ٢٥٢).

- تا ئەم وەرزەو ئیتر بەسە!،...(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٢٥٩).

"نا"وتن بۆ خۆی ڕاپەڕین و یاخیبونە یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی خودێکی تەندروست لە کۆمەڵناسی ودەرونناسیشدا، شێرکۆ لێرەدا زۆر بە جوانی ئاماژە بۆ گرنگی و بەهای ئەم بوێری و وتنە دەکاتەوە.

-خۆی بە پیشە مامۆستایەو وانەی کوردی ئەڵێتەوە(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٤٩).

دەبینین شێرکۆ ئامانجیی سەرەکیی نوسینی دەقەکەی بنیاتنانی ڕۆحییەتی یاخیبون و قبوڵنەکردن و شکاندنی بێدەنگییە لە ئاست ماف وداخوازییەکانی ژناندا، هەرچەندە زۆربەی کەسایەتییەکانی ناو ئەم دەقە نەخوێنەوارن، یا کەرەسەی بە ژن بون و توێژی ژنانن، بەڵام کەسایەتی سەرەکی مامۆستایەو ئەمەش نیشانەیە بۆ وریابونەوەو گۆڕانی قۆناغ، هەرچەند شێرکۆ پێیوایە زوڵم و دەستی نێرینە لە بینەقاقای هەمو چینەکانی ژناندایە. بەڵام هەڵگری هەمان تێروانینی فێمێنیستەکانەو پێیوایە نابێت ژن بێدەند بێت، گرنگ نییە کۆمەڵ بە چاک یا خراپ ناوزەندی دەکەن. ئەمە لە گوتاری دیارو ئامانجە ڕونەکەدا دیارە. بەڵام لە گوتاری شاراوەی پشت وشەو دەربڕاوەکاندا. نائومێدی و بێتوانایی و گوتاری دژە ژنیش دەبینرێت، جۆرێک لە ڕەشبینی بەسەر هەوڵەکانی ژن و ژیانیدا باڵی کێشاوە. کە دواتر نمونە دەهێنینەوە.

### ٣- ئازادیی ژن و جەستەی ژن لەم دیوانەدا

وەک باسمان کرد فیمێنیستەکان دژی دیلێتی جەستەن و پێیان وایە مافی تەواوی ژنە جەستەی خۆی چۆن بەکار دەهێنێت، تەنانەت بۆ بابەتەکانی مناڵ بون و ئەوانەش. ڕێک دژی ئەو جۆچونە باوەی هەیە لە کۆمەڵگەدا. شـێرکۆ هەوڵی داوە ئەم بابەتە بوروژێنێت و باس لە گێڕانەوەی ئەم ئازادییە بکات و تێڕوانینەکانی کۆمەڵ بداتە بەر نەشـتەری ڕەخنە، بەڵام لە هەندێ جێگەدا تێڕوانینێکی شـەرمنانەیەو کۆمەڵگە تێناپەڕێنێت، بە شـێوەیەک دیەوێ بڵێ ڕاستە ئەم کەسـایەتییەی ناو ئەم کتێبەم داوای ئازادی دەکات بەڵام هێشـتا سـنوری هەیەو بەرەڵایی(بە بۆچونی کۆمەڵ) ناوێت. ئەمە کەوتنە ژێر کاریگەریی کۆنەستی گشتییەوەیەو نەوێرانە بەرەو لادان و ڕەهایی.

-پەلەمەو هەر ئەبێ من جەستەم بە تەنها هی خۆم بێ!(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٥).

-لەشـت کفرێکە ئەبەدی ولە نێوانی هەردو مەمکتـا، هەڵکەنراوە، حەرامی گەورەی گەردونێ وا لە نـاو لنگی تۆدایە...(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٧٦).

- دیارە بە دزی شـەرەفەوە، ئەگەر پیاو سـکی لە ژن پڕبوایە، ژمارەی دانیشـتوانی ئەم دنیایە، سێ ئەوەندەی ئێسـتا دەبون(شێرکۆ،٢٠٠٠٧، ١٠٤)

- ناوک دەمە بچکۆلەکەی کردەوەو وتی: "تا ئەو ڕۆژە دێت من لە جێی خۆم ئەپوکێمەوە،..... ئەمەی ئێوە باسی دەکەن لە قسـەی مەمکۆڵەو ناوکە پاریسـییەکان ئەچن، ئێمە لە کوێ و ئەوان لە کوێ؟.... خانمەکەم کێشـای بە دەمی دەرپێیەکەداو بە توڕەیی پێی وت، "من کەمم دیێ و زۆر دەرپێی بێ حەیـای وەک تۆم نەدیوە لەسـەری بڕۆیـت داتئەتڵیشێنم تێگەیشتی..(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٦٦).

- دەرپێ کورتە بنەکە لە ژێرەوە منجەمنجێکی کرد کەس نەیزانی چی ئەڵێ(شێرکۆ، ١٧٠).

- بۆ ناو جێ تۆ هەیت و بۆ مەنجەڵ تۆ هەیت و بۆ دەنگ و بۆ ڕەنگ و بۆ جوڵەیش تۆ قەت نیت(شـێرکۆ،٢٠٠٧: ١١٨)
- ناوبەناوێ هاوار دەها: مێ بۆ بێدەنگی و موبەق و ناو پێخەف و هیچی تر نا(شێرکۆ،٢٠٠٧، :٢٥)
- باڵ لێکدە با لەشی یاخیت بێ بە باڵندەی دەم با، بە باسکی خواو، باوەش بکا بە مەحاڵدا.(شێرکۆ،٢٠٠٧: ٦٥)
- هەر شـەوەی بریێ لە جەسـتەی ئێمە ئەرسـکاو، هەرشـەوەی هاوارێ لە ئەرزی حەرامی ئێمەوە هەڵئەسـاو ....(شێرکۆ٢٠٠٧: ١٠٣).
- تۆ هەر لەم جەسـتەی نەفرەتەو، لەم ئاوێنە شـکاوەی بەختی منی، لەم بارە کوژراوەی ڕۆحی منی، تۆیش هەر ژنی(شێرکۆ،٢٠٠٧: ١٣٨).
- ئەی بەهەشتی گوناهبار بە تاوانی جەستەی خۆت، ئەم بێدەنگییەت لە کوشتن وسەربڕینت ترسناکترە(شیرکۆ،٢٠٠٧: ١٨٥).
- کوا بومەلەرزەی مێینەو لە کوێیە ڕابونی ڕۆح و جەستە؟ (شیرکۆ،٢٠٠٧، ١٨٧).
- من نازانم ئەم لەشەی من، لەشی خۆمە، یان باوکم!(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٧٥).

لەم ڕووەوە زیاتر لە بۆچونی فێمێنیستەکان نزیکترە، سەرباری هەبونی ترس و چونەوە سەرەڕای کۆمەڵ، هەرچەندە زیاتر دیدەکان دیدێکی پیاوانەو یاخود سـێکسـییە و داوای ئازادیی بۆ دەکات، بەڵام هەسـتەکان و دەربڕینەکان کەمتر دەچنە قوڵایی باسکردنی کێشـە جەستەییە ژنانەکانەوە وەکو مناڵ بون، سوڕی مانگانە، هەستە دەرونییەکان بەهۆی گۆڕان و شـێوازیی جەستەی ژنەوە کە بۆیان دروستدەبێت و زۆر شـتی تر.. کە تەواو ژنانەن و شـێرکۆ خۆی لێ لایاون، بەڵام بەگشـــتی لە نمونەکادا هەوڵێک دراوە بۆ بوێریی داواکردنی ئازادیی جەســـتەو چێژوەرگرن وخاوەنداریتی ژنان بۆ جەستەی خۆیان.

## ٤- پەیوەندیی ژن و زمان، لە زمانی کەسایەتییەکانی ملوانکەوە

بەپێی ڕای ئێمە، زمانە شـیعرییەکەی شـێرکۆ لەم دەقەشـدا هەروەک دەقەکانی تریەتی و تایبەتمەندیی و سـەبکی خۆی، چ بە وێنە شـیعرییەکانەوە، چ بە چنین و دانە زمانییەکاییەوە دیارە، واتە هەسـت ناکەی کە قسـەکەرەکان ژنن، بەڵام لەچەند جێگەی کەمدا نەبێت کە لە خوارەوە نمونەکان دادەنێین، زیاتر نزیک بۆتەوە لە هەســـت و زمانی ژنانەو ئەویش بەبەکارهێنانی چەند وشـەو دانەیەک کە زیاتر بەکاربەرەکانیان ژنن ئەم تێڕوانینە بۆچونی فێمێنیسـتی شـیکارییە کە زیاتر لە فەرەنسـا لە گەشـەدابون و بانگەشـەی تایبەتمەندبونی زمانی ژنان و مافی خۆیان دەکردەوەو پێیان وابو ژنان هیچ پێویست ناکا لە پیاو بچن لە ڕوی دەربڕینەوە(بڕوانە: شاهندە، ٢٠٠٦، ٤٢).

-کڵاوی سوراوەکە پەڕی و خۆیدا بەدەم وچاوی ئاوێنەکەیش کەوتە ***شاتەشات***..(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٥٦)

-تۆ چیت هەی لە کیســـت چیێ؟! جگە لە ***موروی*** ئەسرین ولە پارچە ***ئاوێنەی*** خەم ولە هەندێ کراسی غەمگین غەمگین!(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٦٦).

-خانم دەسـتی بردو ملوانکەیەکی دیکەی ***بەسـەرمنداکردە ملی***، دڵمگیرا، هەرلەیەک سـاتەوە هەسـتمانکرد کەسـمان لەگەڵ کەسماندا ناتوانین بگونجێین(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٢٨).

- ئەم ملوانکەیە هەر بۆڵەبۆڵی بو دوسێ جارێ تێک ئاڵاین و ***قژی یەکتریمان ڕاکێشا*** (شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٢٩).

وەک دەبینین لە هێنانە ناوەوەی چەند وشـەی وەک: مورو، ئاوێنە، شـاتەشـات، قژڕاکێشـان... دەبینین کە لە سـنورێکی کەمی وشـەدا شـێرکۆ ئەو دانە زمانییانەی کە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە زیاتر تایبەتن بە ژن بەکارهێناوە، کۆی دەقەکە کەمترین نمونەی لەم شێوەیەی تێدایە، یا کەمتر لە ڕوی قسـەکردنیان هەست بە ژن بون دەکەی ئەگەر بێتو شێرکۆ ئاریشەو بابەتەکانیان نەخاتە ڕو و یاخود نەیان ناسێنێ. ئەمەش یەکێکە لە جیاوازیی نوسین و بەرهەمی نوسەرانی ژن و پیاو، هەرچەندە ئێمە پێمان وایە شـێرکۆ لەبەر شـەرم و عەیبە نییە(وەک چۆن فێمێنیسـتەکان دەیان وت) کە شـێواز و زمانی کارەکتەرەکانی وایە، بەڵکو لەبەر زاڵبونی سـتایلی نوسـینی خۆیەتی، کە لێکۆڵەرانی تر پێش ئێمە ئاماژەیان بە زمان و شێوازیی ئەو شاعیرە داوەو لە چوارچێوەی ئەم باسەی ئێمەدا نییە.

## ٥- گوتارە سەرەکییەکانی ناو دیوانی ملوانکە

### ٥-١- ڕەخنەی دینی

وەک ئاشـکرایە لای شـاعیر بابەت و چەمکە دینییەکان و گرێدانەوەی بە کێشـەی ژن زۆر دەبینرێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە شاعیر خولقاوی کۆمەڵگەیەکی پەیڕەوکەری دینی و بەتایبەتیش دینی ئیسلامن، نوسەران و بیرمەندان

بەشــێوەیەکی ڕەخنەگرانە ڕاو تێڕوانینی خۆیان پەیوەســت بە دین و ڕەگەزی مێیینەوە بە ئاشــکرا، هەرچەند لە قاڵبی بەرهەمی شیعرییشدا بێت، پیشان داوە، کە بەداخەوە زۆربەیان هەستی کەسی و دیدێکی نەرێنییان بۆ بابەتەکە هەیە و کەمتر لایەنە جوانەکانی دینیان پیشانداوە. شێرکۆش یەکێکە لەوان، بەڵام بەڕای ئێمە شێرکۆ زیاد لە ڕادەی پێویست و تێڕوانینی فێمێنیســتەکان دژە دینەو لە کەمترین حاڵەتدا دین بەباشی باس دەکات و هەمیشـــە پێیوایە ئەوە دینە کە توندوتیژی دژی ژن دەکات و ڕێگە خۆشکەرە بۆ پیاو (کە بەڕای ئێمە زیاتر کەلتوری پیاوسالارو دژە ژنە کە تێکەڵی دین بوە و لە کۆمەڵدا پراکتیزە دەکرێت).

شێرکۆ لە چەند جێگەداو بە شێوەی جیاواز ئەم باسەی کردۆتە تێمەیەکی سەرەکیی داستانە شیعرییەکەی، (سەرباری نمونەی دەستپێکی گێڕەرەوە کە ئەویش جۆرێک لە ڕەخنەی دینی بو)، بۆ وێنە:

- لەم نوێژی جومعەوە تا نوێژی جومعەیەکی تر، ناموس شتنەوە، لە حەوزی پیرۆزی ماڵەکانی خودادا ڕیزی شەرەفی شکاوی بۆ ئەگیرێ و ئاو ئەبێ بە مزمەعیلێکی ڕەنگ قرمزی...(شێرکۆ،٢٠٠٧: ٧٨)
- لە ئاســماندا عەقڵی نوقســانە مانگەشــەو، چونکە مێیە، لەســەر زەوی عەقڵی نوقســانە گوڵەباخ، چونکە مێیە...!(شێرکۆ،٢٠٠٧: ٨٤)
- غەدرەکان تەنیا نین، خواوەندیان لە پشــتە، شــای شــاخ و ســوڵتانی زریان و ئاگری نێرینەی دۆزەخ و شــمشــێری کولتورو....چەڵدەکان مەچەکی حەلالیان لەگەڵە، پەنجەی خواو جوبریل و ئاســمانیان لەگەڵە (شــێرکۆ،٢٠٠٧: ١٠٢)
- هەروا بویت لە " لەوحی مەحفوزدا" زەعیفەو عەقڵێکی نوقســـان وجـاریيە و ســـەبـايەی بە شـــمشـــێر بۆ نوسیت(شێرکۆ،٢٠٠٧: ١١٨)
- ئەمرۆ منارەی گەرەک، هەر هەموماني گرت و، بردینی تا، پێشکەشی کردین بە شەیتان!(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٤٥)
- هەروەها لە لاپەڕەکانی:(١٥٩، ١٧٦) و چەندین جێگەی تریشدا هەمان بابەت لە شێوەی ڕەخنەدا دەیهێنێتەوە، کە زیاتر لە دیدێکی دژە دینییەوە ســـەرچاوە دەگرێت و ئاماژە بۆ پێدان ومافی ئەو ڕەگەزە لە ناو دیندا ناکات، ئەوەش بۆ دو هۆ دەگەڕێتەوە، ئەو دیدە باوەی کە بۆ دین هەیەو بەرگوێی خەڵک دەکەوێت و چونکە شــێرکۆ لە زمانی ملوانکەوە کە کەســـایەتی یاخود مێیینەیەکی ناو کۆمەڵگای کوردییەو ئەوەی دراوە بە گوێی دا دەگێڕێتەوە، هەروەها ناڕاستەوخۆش جۆرێکە لە تێگەیشتنی شاعیر بۆ دین و پەیوەندی بە ژنەوە، بۆیە دەبینین هیچی جوان و نـاســـک ســـەبـارەت بە دین نـاڵێ وەک دو دیوی حەقیقەت و زیاتر دژە دین خۆی دەنوێنێ لە زۆربەی زۆری نمونەکاندا. یان:

-بەڵام نێرەبای مێژەربەسەری پشتوێن فیشەک لغی ئیمارەتی جیهاد هەر بەشوێنییەوە بو(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٤).

- دوێنێ لەوگەڕەکەی ئێمە بە فیتی مەلایەک لەوانەی باسی جیهاد ئەکەن ژنە ملوانکەیەکی عاشق وکوڕە موستیلەیەکی دڵدار بەردباران کران!(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٧١).

بەڕای فێمێنیستەکان، فۆکەس لەسەر ئەو هۆکارانەیە کە ژن بەهۆیەوە دەچەوسێتەوە، بەتایبەت لە ڕەخنەی فێمێنستی لە ئەدەبدا، نەک دینێک بکرێتە هۆکارو زۆرترین جارەکان یەخەی ئەوە بگیرێت و لایەنە جوانەکانی فەرامۆش بکرێت، لە کاتێکدا لە کۆمەڵدا چەوســاندنەوەکە لەوە قوڵترەو زیاتر ڕەگێکی دەســەلات ئاســاو کەلتوری هەیە(فۆکۆ گوتەنی).

تەنانەت بە پێی ڕای زۆربەی زانایان ئەو بۆچونە دژە ژنانەش لە دینا ڕەگێکی قوڵی کەلتوری هەیە، کە زۆرێک چاککراون لە دیناو تەفسـیری تری بۆ دەکرێ بەتایبەت بابەتەکای عەقڵ نوقسـانیی ژن و نەنگ حسـابکردنی و ...، کە شـێرکۆ بێ ئاگایە لە باسانە.

دەبینین لە هەندێ شـوێندا تەواو زیادەڕەوی تێدا دەکا و دەڵێ: ئەمڕۆ لە نوێژی جومعەدا، کتێبێکی عیلمانیان دیبو، ئەویش لەگەڵ جەماعەتتا چوبوە سـوجدە، ...، چاکەتی خۆت و پانتۆڵ و عەینەکەکەت بڕواناکەن بەم تەمسـیلە، چ جای ئێمە!. (بەڕای گەر عەلمانییەت جیاکردنەوەی دین بێ لە دەوڵەت، کەواتە زۆر ئاسـاییە نوێژ بکا و دین شـتێکی شەخسییە). یان

(بەس نەبو ناویان لێنەنام: عائیشە،یان ڕوقییە شەمسەو حەفسە...(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٦٠).

دەبینین ڕقەکەی تەواو کەسی دەبێتەوەو بێ هۆیەک ڕقی لەناوە دینییەکایشە.

یان لەو کۆبونەوانەی ژنان لەم دەقەدا دەیکەن بۆ داواکردنی ئازادی، دەڵێ کە یەک لەچک بەسـەری تیا نییە، یا لەچک بەسـەر وەک گەمژەو نەزان لێکدەداتەوە، لە کاتێکدا هەر لە کۆمەڵگەی کوردیدا ژن بی سـەرپۆش نەبوە، شتێکی هەر بەسەرەوە بوە، یان لە ڕابردو ئێستاشدا چەندین ژنی دیندارو لەچک بەسەری خوێنەوارو دژە دواکەوتومان هەبوە و هەیە، ئەمەی شـێرکۆ بۆچونێکی تەواو کەسـییەو زیادەڕەویی تێدا دەکات، گوایە بە مەسـەلەحەتی ژن، بەڵام خۆی لە خۆیدا لێدانە لە ئازادیی ژن وفێمێنیستەکانیش وەها ڕایەکیان نییە.

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە دەرەوەی دین خودا نیشانەی خراپ نییەو شێرکۆ جیای دەکاتەوە لە دین:

-ناوەستم تا، لەسەرشانی پاکی خودا دەنیشمەوە(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٢٦).

-یەکەمجارمە میوانی سپی ببینم، لەلای خواوە بەڕێبکەون و بێن بۆ ئێرە(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٤٤).

## ٢-٥- تەنیایی و پرسی شوناس

لە باسـکردنی دەردەکانی و گێڕانەوەی ژیانی خۆیاندا وەک ژن، یان ڕەگەزی مێینە، چەندین وێنەی تەنیا بون، بێ کەسی، غەریب بون ونامۆبون نەک تەنیا بە کۆمەڵ و دەرەوەی خۆیان بەڵکو بە خودی خۆشـیان لە هەندێ جێگادا دەبینرێت، ئەم جۆرە لە خسـتنەڕوی خود، زۆر دەبینین بەجۆرێک شـێرکۆ زۆربەی بەشی دیوانەکەی بۆ ئازاری ژن و نەهەماتییەکانی تەرخان دەکات، بەجۆرێک هەندێ جار هەسـت بەوە دەکەی لە گوتاری پشـت ئەم دەربڕینانەدا باوەڕێک هەیە لای ئەو وەک تاکەکانی کۆمەڵ کە گۆڕان و یاخیبون زەحمەتە بۆ ژن و هەندێ گوتاری دژە ژنی تێدا دەبینین. بۆ وێنە لای شێرکۆ:

- چون دڵۆپە شـەونمی غەمگین لە دەنکەکانیـانـدا مەییبون، لێوان لێو بون لە تەنیـایی، ئەو کچـانەی لەو دیوی دیوارەکانەوە بە پرچە درێژەکانیان چاویان وشک ئەکەوەنەوەو بە شاری خۆیان غەریبن،....تەنیا تەنیا لە خەویشدا هەر من تەنیا، لە ڕوناکیشدا هەر تەنیاو، لە تاریکیشدا دو تەنیام لەیەک لەشدا(شێرکۆ،٢٠٠٧: ٣٧).

بەپێی خوێندنەوەی ئێمەو پشت بەست بە ڕای فێمنێیستەکان، ئازادیی گرنگترە، ڕێز گرنگترە، لە وەی تەنیا نەبی. زۆرێک لە ژنەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ترسی تەنیایی ڕێگە بە زوڵم دەدەن، کە لە گوتاری پشـت ئەم دێڕەدا دەیبینین و شـێرکۆ

زۆر زەلیلانە باسی تەنیایی دەکات، کە دەبو بیوتایە ئەوەنەش گران نییە و شــکۆو ژنبونتان گرنگە نەک ئەوەی تەنیا نەبن، وەک لەو نمونانەدا دیارن:

- لە ئێوارەی عەشقی مندا، پەڵە هەورێ بە تەنیا بە کەناری غوربەتێکی پەمەییدا دێ و ئەڕوا، هەروەکو من، تەمێک لەسەر شوشەکانی چاوێتی، هەروەکو من دڵی پرەو پرچەکانی با ئەیبات...(شێرکۆ،٢٠٠٧ ١٧٥)
- تۆ منی یان من تۆ؟! یان کەسـمان کەسـمان نین؟، غەریبە ڕۆحی تۆ و غەریبە جەسـتەی تۆ بە ماڵت و، وڵاتت و بە دنیـا. مرۆڤ و مرۆڤ نیـت. عەدەمی و عەدەم نیـت، .... تۆ نیوەی بـارانی کوژراوی و تۆ نیوەی هەتـاوی سـەربڕاوی، هەمیشـە و هەمیشـە ئاوێنەی وەرزێکی خوێناویت، خوداوەند پێی وتی:تۆ بەهەشـت وا لە ژێر پێتایە و بەڵام پێی نەدایتێ بۆ ئەوەی پێی بڕۆیت بۆ ئەوەی پێی بگەیت(شێرکۆ،٢٠٠٧: ١١٧).
- بێ خوداوەند و لە تەنیایی تەنیاتر و لە ئازاریش بە ئازارتر، ئەی قەلەباچکەی ڕاونراو(شێرکۆ،٢٠٠٧: ٧٧)
- ئەی خانمی غەمگینتر لە کۆڵانێکی بێ چراو، وەڕستر لە ئینجانەیەکی بێ گوڵ و تەنیاتر لە شـەوی بیابان و نامۆتر لە شیعری مێیینە(شێرکۆ،٢٠٠٧: ١٨٧)

دەبینین لە زۆربەی نمونەکاندا، شێرکۆ زۆر دەستەودامانی تەنیایی بوە و وەک بارێکی زۆر قورس بەسەرشانی ژنەوە باسی دەکات. ڕاســتە دەیەوێت بڵێت بەهۆی ژنبونتەوە تەنیای، یا کەس وەک خۆت لێت تێناگا، یا جۆرێک لە دەربڕینی هەستی دەرونی کارەکتەرەکان، بەڵام بەڕای ئێمە زیاد لە ئەندازە ترسێنەرە ئەم تەنیاییەو وێنەکردنەوەی هەمان بۆچونی بـاوی کۆمەڵگەیە کە ژنیـان لە ترسی تەنیـایی ڕازی بەزۆر بـاری نەخوازراو کردوە، هەربۆیە دەڵێین کە لە قوڵاییـدا لە هەندێ باردا شێرکۆ گوتاری زاڵی کۆمەڵگەی تێنەپەڕاندوە.

### ٥-٣- گوتاری دژە ژن

-ویسـتی نەبێ بە پەلکی زەردو بە تابوت و بە سـەراب و بەڵام هەربو (شـێرکۆ،٢٠٠٧، ١١)، جۆرێکە لە نائومێدی و ئەمە چەندجار دوبارە دەبێتەوە.وەک:

-دواجار هەرسێکیان، بەردەکەو ژنەی دوگیانیان خلکردەوە بۆ ناو دەریاچە پیرۆزەکەی نیشـتمان (شـێرکۆ،٢٠٠٧، ١٤). (نائومێدی)

- ژنە عەباو ژنە پەچەو چارشـێوم ئەبینی لە پۆلە باڵندەی ڕەش ئەچون(شـێرکۆ،٢٠٠٧، ٦٤)، (باوەڕی بە ئازادی ژن نییە).

لە چاڵێکدا لاشەی ملوانکەیەکی بێ سەرم بینی، هێشتا هەر خوێنی لێ دەڕۆیشت(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٠٠). (ڕەشبینی و نا ئومێدی)

-ملوانکەی دایک: ئای کچەکەم! تۆیش وەک من ئاوێنەی مێیت و تەماویت، ئەسـتێرەی مێیت و کزکزیت، هەر کت و مت لە شـەوگاری پرچی خۆمی، کچم بەختت، لە ڕەنگی تەنیایی منە، چویتەوە سـەر زریکەم و، چویتەوە .....(هەرچەند کچ دەڵێ نامەوێ لە تۆ بچم و....)

-باوەڕی بە ئازادیی ژن نییە لە (ل١٤٩) دا دژە لەچکە.

نائومێدی و قبوڵکردنی خەم و مەینەتی، دانپیانانی ژنەکان خۆیان: ئەو مێینەیەکە چۆڵ چۆڵ، وەک سەحرایەکی پاڵکەوتو لە بەیانییەکی خۆڵەمێشیدا. ئەو مێینەیەکە تەنیا تەنیا چون پەرەسێلکەیەکی گیرخواردو لەبەردەمی پەنجەرەیەکدا، ژن سەعاتێکە سەعاتێکی بێتاقەت، ئەڕوات بەڵام هەمیشە لە دەستی پیاوێکدا.....(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٩٦). وەسفێکی زۆر بچوک و ناکارا بۆ ژن دەکرێت.

- بەڵام هەمو لەچکەکان دژی هەتاون! .... (زیادەڕەوی و باوەڕنەبون بە ئازادی) (شێرکۆ،٢٠٠٧: ١٩٧).
- گەورەترە وەک لە هەواڵی ئەو ' مانگ' ی چواردانەی، کە لە تاوێرە بەردی چیا شەتەک ئەدرێن و لەسەرخۆ خل ئەکرێنەوە بۆ ناو گۆمەکان(شێرکۆ،٢٠٠٠٧: ٧٨)

دوبارەکردنەوەی ڕێژەیەکی زۆری وشەکانی تەنیایی، نائومێدی، کوشتن، بەردباران، و....) جۆرێک لە قەناعەت لای نوسەروکەسایەتییەکانی ئەم دەقە پیشان دەدات، کە بەپێی تیۆرییەکانی گوتاری زمانی، ڕێژەی دوبارەکردنەوەی بۆچونێک باوەڕمان پیشان دەدەات بەو بۆچونە، یاخود هەوڵدانە بۆ دروستکردنی باوەر بە هەمان بۆچون، هەرچەندە بە ڕوکەشیش و دژی بین، کە زۆر لەم جۆرە تێڕوانینە دژە ژنانەو نائومێدکەرانە لەم دەقەدا دەبینین، بۆیە بەڕای ئێمە دەبو بۆ ئەوەی شێرکۆ بەرەوە ئازادیی و ئامانجی فێمێنیست بڕۆشتایە وێنەیەک لە سەرکەوتن، لە ئازادییەکای ژن، لە باوەڕبەخۆبونەکانی، لە هەوڵی سەرگرتوی ژنی زیاتر پیشان بدایە، نەک جۆرێک بێ لە لاواندنەوە، ئەم وێنانە لای خەڵک ئاشنایە و خەڵک ماندوە بە دەستییانەوە و فێمێنیستەکانیش دژی وەها وێنەیەکن لە ئەدەبدا، کە تەنیا دوبارەکەرەوەی نەهامەتی و چۆکدادان بێت.

## ٤-٥- ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و کەلتوری سەبارەت بە ژن

لەم بەشەدا شێرکۆ زۆر هاوڕاو هاوسەرنجە لەگەڵ فێمێنیستەکان و بەتەواوی دژی هەمو هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و کەلتورییە کە ببێتە هۆی چەوسانەوەی ژن، لە هەندێ نمونەدا تەنیا پیشان دەدات کە چۆن بەهۆی کەلتوری زاڵەوە ئازاری ژن دەدرێت و لە هەندێ جێگەشدا دەیداتە بەر ڕەخنە. بۆ نمونە:

- لێم پرسی چۆن شوت کردوە بەم بەرانە سمێڵ ڕەشە؟ دوای دڵداری؟ وتی نەخێر، هێشتا لەناو لانکەدا بوم کە منیان کردبوە ملی!(شێرکۆ،٢٠٠٧ : ١٥٥).
- ماڵەکەمان هەموی لە غەدری مەرمەڕە لە کۆنکرێتی نێرینەو لەشێلمانی ئەمری ئەوان(شێرکۆ،٢٠٠٧: ٥١)، ژورەکەی منیش شیعری جوان، لە ئەرزەوە هەتا بنمیچ، لە غەزەبی ڕیشی باوکم دروست بوەو، لە توڕەبونی سمێڵی براکانم و لە چەولمی تەشەری خاڵ و مامم و لە بلۆکی سەرزەنشتی هەمو خزمان. (شێرکۆ،٢٠٠٧: ٥٢، ٥٣، ٥٤).
- چەوسانەوە لەلایەن خودی ژنەوە:" لە غەدری گشت دنیای جیهانی نێرینەیش گەورەتر ئەوەیە: تۆ بۆ خۆت، هەر بەخۆت، ئەڵقەبی، بۆ ملی فڕینت و تۆ بۆ خۆت ڕازیبیت، ببیتە قەنارەی ڕوناکی و گەردنت(شێرکۆ،٢٠٠٧: ١٥٧، ١٥٨)
- ئێستە برایەکم لێم بوە بە ملۆزم، ئیسپانەیەکی فیتەرە، بەردەوام تاقیبم ئەکات، ئەچم بۆ کوێ ناچم بۆ کوە؟!، پێم ئەڵی ملوانکەی بێوەژن خەتەرە!، ئەبێ هەمیشە چاومان لەسەریان بێ(شێرکۆ،٢٠٠٧: ٧٣).
- ملوانکەیەکی شێت ئەیوت: دیارە بە دزی شەرەفەوە، ئەگەر پیاو سکی لە ژن پڕبوایە ژمارەی دانیشتوانی ئەم دنیایە، سێ ئەوەندەی ئێستا ئەبون(شێرکۆ،٢٠٠٧: ١٠٤).

دەبینین زاڵی هەیمەنەی کەلتوری و زمانی نەریتە پیاوسالارەکە زۆر دیارەو لە چەند ژێگەدا باس کراوە.

- دەستێکی شپرزەی بە ڕیشیا هێناو بە ڕوخسارێکی ترشاوەوە ڕوی تێکردم و وتی: مەملەکەتێ ملوانکە بیبات بەڕێوە بەشی هەر بچڕانەوەیە'، دەنکێکم گەیشـــتەتینی و بە دەنگی بەرز وەڵامی دایەوە' ئەم ڕیشـــەی تۆ لە هەناوی ئەم پەتانەی ئێمەوە هاتۆتە دەرێ، خۆزگە وەجاخمان کوێر بوایە بۆ ئەوەی نێرە شـــێرو شـــمشـــێری وەکو ئێوەمان لێنەکەوتایەتەوە(شێرکۆ،٢٠٠٧: ٢٢١).
- شـــێرکۆ لە شـــوێنێکدا دژی هەمو دین و حیجاب نییە کاتێک لە زمانی کارەکتەرێکەوە دەڵێ: "حیجابەکەی من لە توخمی ئەو حیجابانە نییە عەقڵ داپۆشن و تاریکی بکەن، دوەم تۆ نابێتە بروانیتە ڕواڵەت.." شێرکۆ،٢٠٠٧: ٢٢٢) .ئەوەش جۆرێکە لە ڕەخنە لە ڕواڵەت بینینی کۆمەڵ.
- - ئەگینا کچەنامە لەناو ماڵی نێرینەدا بە ئاشکرا ئەتوانێ بەناو هەمو ژورەکانی ماڵدا پیاسەی خۆی بکات و مێشیش میوانی نەبێت.(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٦٢).

وەک لە نمونەکاندا بە ئاشـــکرا دیارە زۆربەی هۆکارەکان بۆ کەلتورو کۆمەڵ دەگێڕێتەوە و بەجۆرێک دەیداتە بەر ڕەخنە.

### ٥-٥- گوتاری دژە نێرینە

دیارە شێرکۆ لەم بەرهەمدا زیاد لە ئەندازە، دژە پیاوە، بەجۆرێک سروشت، گیانداران و بێگیانەکانیش دابەشی نێرینەو مێیینە دەکات و لە زۆربەی هەرە زۆری بارەکادا نێرینە بە خراپ باس دەکات، کە هەســـت بە زیادەڕەوی دەکرێ، جۆرێک دەردەکەوێ کە شـــێرکۆ بۆ ئەوەی بیســـەلمێنێ کە پاڵپشـــتی ژنە بەشـــێوەیەکی خراپ لە نێرینە بەگشتی دەدات، تەنیا لە چەند جێگەی کەمدا نەبێت، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە نێرینە عاشقە و مێینە خۆشی دەوێ، و چەند شـــوێنی زۆر کەمی تردا نەبێت. کە هەوڵدەدەین نمونەکان بخەینڕو. ئەمەش بەڕای ئێمە و پشـــت بەست بە بنەما تیۆرییەکان هاوشێوەی تێڕوانینی فێمێنیستی نییە بۆ نێرینەو لەگەڵ ئەوەی هۆکاری زوڵمەکانی کە لەژن دەکرێ بەشـــێکی زۆری دەگێڕنەوە بۆ نێرینە و هێز، بەڵام بەو شـــێوەی شـــێرکۆ بۆ پیاو ڕگەزی نێرینە ناڕوانن و بگرە زۆر لە ئەندامای پشتگیریکەری ئەم ڕەوتەش پیاون. نمونەکان:

-لە قاپیی قانون و زوڵمەت ولە قاپیی نێرینەی ئەم دنیاو ئەو دنیاو لە دەرگای بەهەشـــتیان بدات وبۆ ســـاتێک نەسروێ.(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٠)

- لەبەردەم ڕوتەنی ژیاندا وەستاوەو نێرەبا ئەیبات و ئەیهێنێ و بە چرنوک چڵ بە چل ئەیرنێ (شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٣).
- شتومەکە نێرینەکان، سمێڵدارە لە خۆبایی ودەنگ زبرەکان، لە ڕەفەکانی سەرەوەو لە ژورەکانی بەرامبەر،...، هەر چوارمانیان وەڕس و بێزارکردوە(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٢٥).
- موکێشێکی پیاوانەی سەرزل و قاچ خوار بەم ڕۆژگارە هەر بە منەوە گرتویەتی... زنجرێکی سەعاتی پیاوانە هەیە... هەر خەریکی خۆ کێشـانەوەو، تەزویری مارکەکان و باوێشـکدانە ... هەرچاویشـمان لێ دائەگرێ(شـێرکۆ،٢٠٠٧، ٢٧).
- لە نێو پیاوەکانی ئەم شوێنەدا شوشە بۆنێک هەیە بێدەنگ، بە پاندانەکەی تەنیشتی هەر خەریکی شت نوسینە، وەکو ئەڵێن چیرۆک نوسە(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٢٧).
- بەڵام هەر هەمو نێرەکانی لاسارو درۆ خۆپەرست...(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٢٩).

-بەڵام هێشتا دڵم تەنگە، لە چۆلەکەی ترساوی ناو مشتی پیاویَ...(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٤٢).
-هەر لە تەختەی جەســتەی پیاوەو، پێ پلیکەکان، کلیلەکان وقفڵەکان هەموی هەر پیاو...لە غەزەبی ڕیشیـ باوکم دروست بوەو.....(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٥٢).
- مێردەکەم قەڵەمێکی ڕۆژنامەنوس بو، هەمو جاریَ لەناو کۆڕو کۆبونەوەکاداو ...باسی یەکســـانی و بەرامبەریی ئەکرد، بەڵام لە ماڵەوەو لەگەڵ مندا ئەژدیهایەک بو بۆ خۆی.(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٧٢).
- تاپڕیَ لە توخمی نێرینەی لولە ڕەش(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٧٤).
- نـانـا من قەڵەمێکی نێرینەی بـاریکەی ســـەر ڕوتـاوەم ئەنـاسی لەســـەر مـافی ملوانکە ژنێ دو ســـاڵ کەوتە زیندانەوە..(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٨٦).
-هەر پەلێکی بەدەست دە مێرولەی پیاوەوە بو(شێرکۆ،٢٠٠٧، ٩٣).
- پەڕێک بەدەم باوە ئەیوت، دەنوکی نێر لە جەستەی مێی کردومەتەوە.(شێرکۆ،٢٠٠٧، ١٢٥)

لە ڕوی زمانەوانی و دەرونییەوە ئەگەر سـەیرێکی وشـەو دەسـتەواژە بەکارهاتوەکانی ئەم دەقە بکەین دەبینین. کە زیادەڕەوی، ڕەشبینییەکی زۆر، پیشاندانی نەهامەتی، زیاتر بەدەقەوە دیارە. نەک ئاسۆی ڕون وئومێدو هەوڵی سەرگرتو، زیـادەڕەویی زۆر لە ڕەخنە لە دین گرتن لە نێرینە گرتن. دەبینین. مرۆڤ بەتـایبەت مێینە کە ئەم دەقە دەخوێنێتەوە هەرچەند هاندانێکی زۆری تیایە بۆ ئازادی و یاخیبون، بەڵام لەبەر زۆری دیوەکەی تری باڵکێشـانی ڕەشـاییەک لەو دنیا پڕ جەورو ســـتەمە، لە جێی ئومێد ترس، و قبوڵکردنی هەندێ واقیع لە دڵدا ڕودەدات، چونکە ڕەنگە هەڵە نەبم کە لەســـەدا ٨٠ی دیوانەکە(ئامار نییە)، پیشـــاندان و وێناکردنەوەی زوڵمەکانی کۆمەڵگەیە. نەک ڕێگەچارەو یاخیبونی تەواوەتی، جۆرێک لە ڕق بەرهەمدێنێت بەرامبەر نێرینە، دین و کۆمەڵ، کەمترین ڕەخنەی ســـەبارەت بە ســـیاســـەت و ســـیســـتمی یاســـایی تێدایە، زۆرترین ڕەخنەکان ڕوبەڕوی کەلتورو دین و نێرینە دەبنەوە. پیاو و ســـیســـتمی پیاوســـالاری خەتابارەو هێز و قودرەت هۆکاری سـەرەکی ئەوەیە و ڕەخنە لە سـیسـتمی خێزان و بە دەقیقی وەک هۆکاری زوڵم باوک و برا دەناســـێنێ، هەروەها ڕەخنەش لە خودی ژن دەگیرێت کە نابێت ڕێگە بەوە بدەن وخۆیان پەتی قەنارەی خۆیان بن. بەمەش لە هەندێ باردا شـــێرکۆش دەبێتەوە بەشـــێک لەو ڕەوتەی کە دوبارە بەرهەمهێنەرەوەی گوتاری دژە ژنن و لەم ڕوانەوە بۆچون وگوتارەکانی خزمەت بە ڕەوت و کێشەکانی ژن و چارەسەریان ناکات.

## ئەنجام

١- دەقەکە بە باسی ڕەخنەی دینی وتێکەڵ بە کاریگەریی کۆمەڵ دەست پێدەکا، چاوی ڕەخنەی لەسەر دین و نوسراوە پیرۆزەکانە، نوسەر بە ڕەهایی باسی ئەوە دەکات وبە هۆکاری کێشەکانی ژنی دەزانێت، ئەوەی جێگەی سەرنجە بەڕای ئێمە زیادەڕەویی کراوەو کەمێک دور کەوتۆتەوە لە بۆچونی فێمێنیستەکان.

٢- جگە لەوەی کە ناوەندی سەرەکی لەو بەهەمەدا ژنە، گێڕەرەوەیش مێیە، بەڵام دەنگی گێڕەرەوە سەرەکی ترەوە هەندێ جار خۆی وەک پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆڵ دەبینێت و لە سەرەتای باسەکاندا بە وەسفی خۆی و لە ڕێگەیەوە مێژوی ڕەگەزی مێینە دەگێڕێتەوە و باس دەکات. ئەم گرنگی پێدانەش ئامانجی سەرەکیی فێمێنیستە.

٣- لە بەشدارییکردنی سیاسەت و کارابونی ژن لەو بوارەدا و پەیداکردنی هێزو هەڵسورێنەری کایەکانی ژیان و سیاسەت و حکومەت، ژن زۆر بێ بەشەو بەشداریی سەرەکیی نییە، لێرەدا تەواو جیاوازە لە بۆچونی فێمێنیستەکان.

٤- بەپێی ئەم ڕەخنەیە و پراکتیزەکردنی لەم بەرهەمەدا، لە زۆربەی تێڕوانینەکاندا شێرکۆ هاوبەشە لەگەڵ ئەواندا، و دەکرێ وەک فێمێنیستێک ناوزەندی بکەی، بە تایبەت لە بابەتەکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، دژەپیاوسالاری، داواکاردنی ئازادیی جەستە و ڕاو بۆچونەکانی ژن خۆی.

٥- هەندێ جیاوازییش لە تێڕوانینی فێمێنیستەکان دەبینین، یاخود بڵێین هەمان ئامانجی ئەوانی نەپێکاوە. کە ئەمانەن: زیادەڕەویی کردن لە خراپ پیشاندانی پیاو(نێرینە بەگشتی)، زیادەڕەویکردن لە دژە دیندا. لە باسکردنی جەستەشدا شێرکۆ لە هەندێ بابەتدا شەرمنانە ئەم باسە دەکات ونایەوێ بکەوێتە بەر ئەو ڕەخنەیەی کەدەڵێت:فێمێنیست وباوەڕبون بە ئازادی ژن بانگەشەیە بۆ بەرەڵایی و بێ باکی. هەروەها لە بابەتە ژنانەکانی وەک مناڵ بون، سوڕی ماگانە...، شێرکۆ خۆی بواردوە و باسی نەکردون.

٦- ڕەشبینی و قبوڵکردنی ستەم دەبینین لەپاڵ یاخیبون و هەوڵەکاندا، ئەوەندەی ترس و تاریکی سیمای ئەم دەقەیە، ئەوەندە ئومێد و دنیایەکی باشترو ئارامتر بۆ ژن وێنە نەکراوە.. لە بابەتی زمانیشدا، کەمتر زمانی ژنانە دەبینین و لە نێو گوتارەکانی ئەم دەقەدا گوتاری دژە ژنیش دەبینین و پۆلێنیان دەکات بۆ ژنی (بێوەژن، قەیرە، ...). ئەمەش بە پێچەوانەی ڕای فێمێنستەکانەوەیە.

٧- لەم بەرهەمەدا دنیابینییەکی تایبەت بە عیشق هەیە، پاڵەوانەکان لە ڕێگەی عیشق و یاخیبون لە کۆمەڵ، شۆڕشی ئازادی بەرپا دەکەن، داوای نوێگەری و کرانەوی بیرو هەستی خەڵک دەکەن، ئەوە عیشقە کە هێز بە ژن دەدات ئازا بێت، ئەوە عیشقە وا لە مێ دەکات نێرەکان بە خراپ نەبینن (لە هەندێ جێگەدا)، ئەوە خۆشەویستییە هێزی یاخیبون و خۆناسین دەدات بە مرۆڤ و بە مێ بە تایبەتی. ئەم بۆچونەش دیدێکە کە تایبەتی شاعیرەو کەمتر لە دیدی فێمێنیستەکاندا دەبینرێت.

# The Practice of Feminist Criticism on Sherko Bekas's book (Bracelet)

**Bakhan Ahmad Hama Amin**

Department of Persian Language, College of Language, University of Sulaimani, Sulaimani, Iraq

**Abstract**

Research on poetic subjects and its content is an important part of the critical process, and it is an attempt to present the concepts and main messages of any literary text based on some feminist perspectives the study tried to analyze the essence and content of Sherko Bekas's (Bracelet). The narrator and the main characters in the poetic story are women Therefore, by choosing this theme for analysis, we can get into the content of the text and the poet's mind, as well as by introducing feminist criticism and practicing this criticism, which is somewhat moral and social criticism, we get the Sherko Bekas's views as a prominent figure in the field of women's rights and gender, discourse and different meanings in the text. This study tried to answer several questions, including: Is Sherko a feminist? How close are the themes and discourses of this text to the content and goals of feminists? Is there any despair about the case of women in the poet's feelings like most of society and women themselves? Or how much does Sherko think as a society? Although he has always advocated women's rights and freedoms. This research helps to identify the hidden discourses that directly and indirectly affect the readers and society.

**Keywords**: Woman, Sherko, bracelet, Feminist, Criticism

## سەرچاوەکان

احمد حسین، فواد، (١٩٩٧)ز، ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی جاحظ، بەغداد.

شاهندە، نوشین، (٢٠٠٦)، نیتشەو فێمینیزمی هاوچەرخ، و محمد کەریم، چاپی یەکەم، سەردەم، سلێمانی

ولستونکرافت،ماری،(٢٠٠٦)، بەرگریکردن لە مافەکانی ژن، و سۆزان جەمال، چاپی یەکەم، سەردەم، سلێمانی.

بێکەس، شێرکۆ(٢٠٠٧)، کتێبی ملوانکە(دەقێکی والا)، چاپی یەکەم، چاپچانەی ڕەنج، سلێمانی.

ئاسۆس، حەمە عەبدولا، ئەڤین(٢٠١٤)، فیمینیزم لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، نامەی ماستە، زانکۆی سلێمانی.

خەلیل نجیب، سمیە(٢٠١٠)، ئافرەت لە ڕۆمانی ئافرەتانی کورددا (٢٠٠٠-٢٠٠٩)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

سالح مەولود، ڕێزان(٢٠١١)، پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلیزادەو نزار قەبانیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلیمانی.

برسلر، چارلز(١٣٩٦)، در آمدی بر نظریەها و روش‌های ادبی، ترجمە: مصطفی عابدینی فرد، چاپ چهارم، نیلوفر، تهران.-

پاینده، حسین(١٣٩٤)، گفتمان نقد(مقالاتی در نقد ادبی)، چاپ سوم، نیلوفر، تهران

تسلیمی، علی(١٣٩٠)، نقد ادبی، چاپ دوم، آمە. تهران

موران، برنا(١٣٩٦)، نظریەهای ادبیات و نقد، ترجمە ناصر داوەران، چاپ دوم، انتشارات نگاە، تهران.

مکاریک، ایرنا ریما،(١٣٨٨)، دانشنامەی نظریەهای ادبی معاصر، ترجمەی مهران مهاجر و محمد نبوی، چاپ سوم، دفتر نشر اگە، تهران.

ابرامس، م. چ، نقد ادب فمنیستی، ترجمە واصفی، سمانە(نییە)، مجلەی چیستا، پرتال علوم اجتماعی، ص: ٧٨٨-٧٩

احمد، فائزه و عبدالحسین فرزاد(١٣٩٢)، تحلیل بر گرایش‌ها و رویکردهای زنانە در ادبیات فارسی و عربی، مجلە: ادبیات پارسي معاصر، پژوهشگاه علوم انساني و مطالعات فرهنگی، سال سوم، شمارەی اول، ص: ١-٢٩.

ذریە، محمد جواد، وزهرا آبیار و سید هدی امامی جمعە (١٣٩٥)، الهیات فمنیستی، بە مثابە تفسیر هرمنیوتیکی کتاب مقدس، قبسات، سال بیست و یکم، پرتال جامع علوم انسانی. ص ١٠٢- ١٢٦

کمالی، محمد رضا و شاهپور شهولی، (١٣٨٤)، ردپای فیمیینسم در آثار جلال آل احمد، مجلەی حافظ، شمارە ١٣، پرتال علوم اجتماعی، ص ٥٦- ٦٢.